## وانەی 17

### میر بەرد و بهاوالدولەی بوەیهی:

میر بەدر هەمیشە هەوڵیەدا پەیوەندی لەگەڵ بهاوالدولەی بوەیهی باش بێ، بەڵام کاتێ (عمید الجیوش) وەزیری بهاوالدوله، هەڵسا بە دانانی(ابوالفتح عنازی) بە پارێزەری ڕێگاکانی خوراسان لە (387ك)، ئەم کەسایەتیەش دوژمنی هەرە گەورەی حەسنەویەکان بوو، بۆیە ئەمە بووە مایەی ناڕەزای میر بەدر، چونکە ئەم پۆستە لە پێشتردا بە میر بەدر سپێردرابوو، و عمید الجیوشیش بە ئەنقەست ئەم کارەی لە دژی میر بەدر ئەنجام دابوو.

بۆیە میر بەدر هەڵسا بە یارمەتیدانی نەیارانی بهاوالدوله و لەگەڵ چەند میرێکی کورد و عەرەبدا بۆ ماوەی مانگێك ئابلۆقەی بەغدایان دا کە دژی بهاوالدوله کە حاکمی بەغدا بوو، بەڵام لێرەدا ابوالفتح عنازی بە هانای بهاوالدولەوە هات و ئابلۆقەکەی شکاند، و بەدریش بە ناچاری کشایەوە.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لە (397ك) بەدر هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دە سەڵاتی عنازیەکان (ابوالفتح)یش بە ناچاری ڕایکردە موصل لای میرنشینی عوقەیلیەکان (العقیلی)، میر بەدریش داوای لە بەڕێوەبەری موصل (رافع العقیلی) کرد کە ابوعناز تەسلیم بکاتەوە، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیەکی باش لە نێوان عوقەیلیەکان و میرنشینی حەسنەویدا هەبوو هەر لە سەردەمی میر حەسنەوی باوکی... لە ئەنجامدا بەدر هێرشی کردە سەر موصل و ابوالفتح ڕوویکردە بەغدا لای عمید الجیوش بۆ ئەوەی کۆمەکی بکەن لە دژی میر بدر.

ئەوەبوو بهاوالدوله سوپای ناردە سەر میر بەدر و هەوڵیدا تۆڵەی ئەوەی لێبکاتەوە کە میر بەدر هەڵسابو بە یارمەتیدانی نەیارەکانی و ئابلۆقەدانی بەغدا، بۆیە سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد بە سەرکردایەتی(عمید الجیوش)، پڕچەکی کردو هەموو پێداویستیەکانی سوپاکەی دابینکرد، بەڵام میر بەدر لێهاتوویی و سیاسەتی خۆی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی ناوچەکانی نەکەوتە سەر پەلاماری بویهیەکان، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە عمیدالجیوش کرد، توانی لە بەرامبەر پارەیەکی زۆردا ڕازی بکات کە هێرشەکەی بوەستێنێ و ئاشتی بەرقەرار بێت، چونکە میر بەدر بۆی ڕوونکردەوە کە ئەوان ناتوانن بە هیچ شێوەیەك سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لەبەر سەختی و قایمی ناوچەکە و دەوڵەمەندی و ئامادەباشی میرنشینەکە، هەروەها وای تێگەیاند کە ئەگەر ڕێك نەکەون ئەوا بوەیهیەکان بە دەست بەتاڵی دەگەڕێنەوە بەغدا بەبێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

### میر بەدرو شیرین خاتوونی بوەیهی:

دوای گەورەبوونی (مجدالدولە)ی کوڕی شیرین خاتوون لە (397ك) توانی دە سەڵات لە دایکی وەربگرێتەوە، بەمەش شیرین خاتوون ڕۆڵی نەماو پەراوێزکرا، تەنانەت بە هاندانی وەزیرەکانیش مامەڵەی خراپ بوو لەگەڵ دایکی و چاودێری خستبووە سەری.

بۆیە شیرین خاتوون بە نهێنی ڕایکرد و خۆی گەیاندە میر بەدری حـ سنوی، ئەویش ڕێزی لێگرت و بڕیاریدا بە سوپاوە کۆمەکی بکات، و لەگەڵی کەوتە ڕێ، دواتر(شمس الدولە)ی کوڕیـ شی بوە پاڵپشتیان، و توانیان شاری(رەی) بگرن و (مجدالدولە)ش زیندانی بکەن، و شمس الدولەیان لە سەر تەخت دانا.

بەڵام دوای ماوەیەك شیرین خاتوون، هەڵ ساوە بە لادانی شمس الدولە و گەڕاندنەوەی مجدالدولە بۆ سەر دەسەڵات، ئەم کارەی بوە مایەی ناڕەزایی میر بەدر، بۆیە هەڵسا بە کۆمەککردنی شمس الدولە و کەوتنەڕێ بەرەو رەی، بەڵام لە ڕێگادا میر بەدر هەواڵی یاخی بوونی هیلالی کوڕی پێگەیـ شت، بۆیە گەڕاوە بۆ دینور، و بە شێك لە سوپاکە شی بۆ پـ شتیوانی شمس الدولە بەجێهێ شت. ئەوەبوو لە شەڕەکەدا بەتایبەتی دوای گەیـشتنی هەواڵی بەدیلگیرانی میر بەدر لە لایەن کوڕەکەیەوە، سوپاکە بە تەواوی ورەیان بەردا و شەڕیان بۆ نەکرا و گەڕانەوە.

کارەکان میر بەدر:

– مێژوونوسان زۆر ستایشی میر بەدریان کردووە و باس لە کارو چالاکیەکان و خزمەتگوزرایەکانی دەکەن بۆ موسڵمانان، کە چۆن هەمیشە هەوڵیداوە گوزەرانی موسڵمانان باش بکات.

– هەروەها باس لە دادەوەری و سەخیەتی و بەخـ شندەیی و ئازایەتی دەکەن، کە توانیویەتی بە تەواوەتی کۆنتڕۆڵی ڕێگاکان بکات، و دزو جەردەکان سنوردار بکات، و ئارامی و ئا سایش بەرقەرار بکات، بۆ نموونە: ئەگەر کە سێك شتومەك و کاڵاکانی لە شوێنێکدا بەجێ هێ شتایە، ئەوا تا گەڕانەوەی وەك خۆی دەمایەوە و کەس دە ستکاری نەدەکرد، بۆیە لە سەردەمی میر بەدر خەڵکانێکی زۆر ڕوویان لە شارەزوور کردووە و داوای پەناهەندەییان لێکردووە، میر بەدریش هەمیـشە داواکاری کەسی ڕەت نەکردووە و یارمەتی داون.

– جگە لەوە هەڵ ساوە بە درو ستکردنی نزیکەی (300)مزگەوت و کارواذ سەرا، و لە هەر شوێنێکدا ئاوی بەر چاوکەوتبا، ئەوا شوێنەکەی ئاوەدا دەکردو گوندێکی لێ درو ست دەکرد، و لە لایەنی داراییەوەش کۆمەکی دەکردن، تا گوندەکە بە تەواوی ئاوەدان بێ و خەڵك ڕووی تێ بکەن.

یاخیبوونی میر هیلال کوڕی بەدری حەسنەوی(405ك):

ئارامی باڵی بە سەر میرنشینی حەسنوی سەپاندبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی پێنجەمی کۆچی بەتایبەتی لە ساڵی(400ك)، کێشەو ئاژاوە لە میرنشینەکەدا دەستی پێکرد، کە ئەویش بریتی بوو لە یاخی بوونی میر هیلال کوڕی بەدر.

سەبارەت بە هیلال، دایکی لە هۆزی شازنجانی بوو، کە ئەوانیش دوژمنی سەرسەختی میر بەدر بوون، بۆیە میر بەدر پشتی لەم خێزانەی کردبوو، کە ئەمەش ببووە هۆی پەروەردە بوونی هیلال لە دووری باوکیەوە، هەر بۆیەش ڕقێکی زۆری بەرامبەر باوکی لە ناخی خۆیدا دورستکردبوو.

کاتێ کە گەورەبوو، میر بەدر ناوچەی( صامغان)ی دا بە هیلال بۆ ئەوەی بەڕێوەی ببات، کە ناوچەیەکی بێ خێرو بەر بوو لە چاو شارەزوور کە میر هیلال داوای بەڕێوەبردنی کردبوو.

لێرەدا هیلال ترسی هەبوو کەوا لە دوای مردنی باوکی ئەم ناوچەیە بە بەر براکەی تری بکەوێت کە لە ئافرەتێکی بەرزیکانی بوو.

میرەکانی دەوروبەر و (ابن حمولە)ی وەزیری شیرین خاتوون بوەیهی، بەم ناتەباییەی نێوان باوك و کوڕەیان دەزانی، بۆیە هەڵسان بە هاندانی میر هیلال لە دژی باوکی، ئەوەبوو هیلال هێرشی کردە سەر ناوچەی شارەزوور، بەڕێوەبەری شارەکەی بەدیل گرت، و هەوڵیشیدا میرەکان و هۆزەکەی خۆی لە باوکی هەڵبگەڕێنێتەوە، بەوەی کە پارەیەکی زۆریان لە سەر دابەش بکات تاکو پشتگیری بکەن لە دژی میر بەدری باوکی.

میر بەدر کە بایەخی بوونی هلالی زانی، بڕیاری بەرەنگاربونەوەی دا، ئەوەبوو لە (400ك/1010ز) لە دەروازەی دینور شەڕێك ڕوویدا، لەم شەڕەدا بەرزیکانیەکان هەموو ڕیزی میر بەدریان بەرداو چوونە پاڵ هیلال، بەمەش بەدر شکاو دەست بەسەرکرا.

ئەوەبوو دواتر لایەنگرانی میر هیلال ئامۆژگاریان کرد کە بەدری باوکی بکوژرێ، بەڵام هیلال ئەمەی ڕەتکردەوە و زۆر ڕێزی لە باوکی گرت و پێی گوت: ((تۆ میرو منیش سەرکردەی سوپاتم)).

بەرامبەر بەم لێبوردەیەی میر هیلال، میر بەدر فێڵی بەکارهێنا، و وای نیشاندا کە ئیتر توانای نەماوە و وای پێ باشە کۆتاییەکانی ژیانی بە خواپەرستی بە سەر ببات، هیلالیش بەمە ڕازی بوو، بۆیە لە قەڵای(دزدانیە) داینا و پارەیەکی باشیشی پێ بەخشی.

میر بەدر ئەم هەلەی قۆستەوەو کەوتە خۆ ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنی سوپا، و دۆزینەوەی هاوپەیمان جا لە هەرچ لایەکەوە بێت.

ئەوەبوو پەیوەندی کرد بە دژومنی هەرە گەورەی خۆی کە ئەویش (ابوالفتح عنازی) بوو، کە لە بەرامبەر یارمەتی دانی ناوچەیەکی باشی پێ دەبەخشی، هەروەها پەیوەندی بە هۆزی گاوانی و (ابوعیسی) کوڕی کرد تا یارمەتی بدەن.

له ئەنجامدا ابوالفتح لەگەڵ ابوعیسی و گاوانیەکان هێرشیان کردە سەر میر هیلال، و ابوالفتح توانی شاری قرماسین(کرمانشاه) بگرێ، و گاوانیەکان و (ابوعیسی)ش شاری (شاپور خواست)یان گرت، و خەزێنەی میر هیلال کەوتە ژێر دەسەڵاتیان.

بەڵام هیلال هێرشی کردەوە سەر ئەم ناوچەیە و توانی ابوعیسی بگرێ، و ئەویش لایەنگری خۆی بۆ هیلال نیشاندا. بۆیە ئەم کارەی شمس الدولە وای لە ( سلگان الدولە)ی کوڕی (بهاو الدولە) کرد، کە هەستێ بە ئازادکردنی میر هیلال، و سوپایەکیشی پێدا بۆ ئەوەی بچێتەوە ناوچەی شارەزوور، تاکو دژی شمس الدولە بوەستێ و لە شارەزوور دەریبکات، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، و بە کوشتنی میر هیلال کۆتایی پێهات و میر هیلال بووە قوربانی ململانێی نێوان بوەیهیەکان لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێمی چیا.

دەتوانین بڵێین مەبەستی (سلگان الدولە) لێرەدا ئەوەبوو کە میر شمس الدولەی ئامۆزای لاواز بکات و سامانی حەسنەویەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەگەڵ لەناوبردنی سەرکردایەتی کوردی تاوەکو چیتر قەوارەی سیاسی بەدیارنەکەوتەوە.

میر گاهری کوڕی هیلالی کوڕی بەدر:

میر گاهر دوای دەستگیربوونی باوکی ویستی موڵکەکانی حسنویەکان لە بویهیەکان بسەنێ، کە میر بەدر لە شارەزوور پێی بەخشی بوون، بۆیە لە (404ك) دەستی بە هێرشەکانی کرد، و توانی زۆربەی ناوچەکانی وەربگرێتەوە، و دوای مردنی میر بەدری باپیری هەوڵیدا شمس الدولەش لە هەرێمەکە دەربکات و ناوچەکان بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام میر گاهریش وەکو هیلالی باوکی سەرنەکەوت و ئەسیر کرا لە لایەن شمس الدولە.

سەبارەت بە هۆزە کوردیەکانیش کە لایەنگری حەسنەویەکان بوون ئەوا پەرش و بڵاوبوونەوە و هەندێکیان لەوانە (لوڕ و شازنجانیەکان) چوونە پاڵ میرنشین عنازی بەتایبەتی (أبوشوك عنازی)، و گۆرانیەکانیش هەندێکیان چوونە پاڵ شمس الدولە، و میر گاهریش ناچار بوو لایەنگری خۆی بۆ شمس الدولە نیشان بدات، بۆیە ئەویش کردی بە حاکم لەسەر شارەزوور و دینور لە (406ك).

هۆزە کوردیەکانی شارەزووریش چوونە پاڵ میر گاهر، ئەوەبوو گاهر توانی خۆی ڕێکبخاتەوە و سوپای ئامادەکرد، بۆیە ئەم هەنگاوەی گاهر بووە مایەی ناڕەحەتی بۆ (أبوشوك عنازی).

ئەوەبوو شەڕ لە نێوانیان ڕوویدا و لە شەڕەکەدا عنازیەکان شکان، و تەنانەت( سعید)ی برای أبوشوکیش کوژرا و پاشان ڕێکەوتن لە نێوان هەردوولا بەستراو ژن خوازی لە نێوانیان هاتە ئاراوە و گاهر خوشکی (أبوالشوك)ی خواست، بەڵام لەگەڵ ئەوەش أبوشوك خوێنی براکەی لە بیرنەکردووە لە دەرفەتی تۆڵە دەگەڕا.

بۆیه هەڵ سان بە کو شتنی میر گاهر، و بە مردنی میر گاهریش میرز شینی حە سنوی کۆتایی پێهات، واته له (406ك) بەڵام له ڕووداوەکانی (437ك)   سەر   چاوەکان ئاماژه بە ناوی(بەدری کوڕی گاهر) دەکەن کە (ابراهیم ینال) برای (گغرل بگ) کردوویەتی بە حاکم لەسەر دینور و قرماسین، دوای ئەوەی کە له عەنازیەکانی ستاندووه.

شەرەفخانی بەدلیـ سی با  سی ئەوه دەکات کە کوڕێکی هیلال   چووه بۆ ناو  چەکانی برادۆ ست و برادۆستیەکانی ئێستا نەوەی ئەم کوڕەن، و کوڕێکی تریشی چووه بۆ ناوچەی (پشدەر) و عەشیرەتی ئاکۆیان نەوەی ئەو کوڕەن.

هۆیەکانی ڕووخانی میرنشینی حسنوی:

1- ناکۆکی و ململانێی نێوان بنەماڵه هەر له دوای مردنی میر حە سنوییەوه، کە له  سەرەتادا ململانێ له نێوان میر بەدر و براکانی هەبوو، دواتریش بەدر و هیلال...هتد.

2- پەیڕەوکردنی سیستەمی پشتاوپشت له میرنشینەکەدا، کە ئەمەش بووه مایەی ململانێ لەسەر دەسەڵات، و هاتنی کەسانی کەم ئەزموون بۆ سەر تەخت.

3- شوێنی جوگرافی میرنشینەکه، کە هەرێمی چیاو شارەزوور بوو، کە شوێنی دوو میرنشینی گەورە بوون(حە سنوی-عنازیەکان)، لێرەدا ناو  چەکانیان تێکەڵ بەیەك دەبوو بە حوکمی ئەوەی هاو  سنور بوون، ئەمەش دەبووه مایەی ململانێ له نێوانیان.

4- پـ شت بە ستن بە دوژمن: وەکو پـ شت بە ستن بە عنازیەکان له ململانێی نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕی، هەروەها پـ  شت بە بوەیهیەکان، کە ئەوانیش له دەرفەتێك دەگەڕان بۆ گرتنی ناو  چەکانی میرنشینەکه.

5-   چاوتێبڕینی بوەیهیەکان هەر له   سەرەتاوه بۆ ناو  چەکانی میرز  شینەکه، بە حوکمی ئەوەی ناوچەیەکی بەخێر و بێر بووه، بۆیه هەمیشه پیلانیان دەگێڕا بۆ لەناوبردنی حسنویەکان.

6- ڕەزیلی میر بەدر له کۆتاییەکانی دە سەڵاتیدا، کە ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەبوو لەوەی کە  سوپاکەی گوێ ڕایەڵی نەبن و ڕیزەکانی ئەو بەجێ بهێڵن و بچنه پاڵ هیلالی کوڕی.